بەش: زمانی کوردی.

کۆلێژ: پەروەردە – شەقلاوە

زانکۆ: سەلاحەددین.

بابەت: شێوازناسی

پۆل: سێییەم

کۆرس: دووەم

ناوی مامۆستا: د. کامران ابابکر خضر

سالی خوێندن: ٢٠٢٣– ٢٠٢٤

**پەرتووکی کۆرس**

**Course Book**

| | |
|---|---|
| **١–ناوی کۆرس** | شێوازناسی |
| **٢– ناوی مامۆستای بەرپرس** | **د. کامران ابابکر خضر** |
| **٣–بەش /کۆلێژ** | **زمانی کوردی/ پەروەردەی شەقلاوە – شەقلاوە** |
| **٤– پەیوەندی** | kamaran.khudhur@su.edu.krd |
| **٥– یەکەی خوێندن بە سەعات لە هەفتەیەك** | **٣ یەکە** |
| **٦– ژمارەی کارکردن** | **٣ کاتژمێر** |
| **٧– کۆدی کۆرس** | |
| **٨– پرۆفایەلی مامۆستا** | • **لەدایك بووی : پایزی(١٩٨٨) لە قەزای شەقلاوە ..**<br>• **لە ساڵی (٢٠٠٧) ناوی لە (زانکۆی سەلاحەددین – کۆلیژی پەروەردەی بنیات  بەشی زمانی کوردی) دا هاتۆتەوە.**<br>• **دەرچووی ساڵی (٢٠٠٩–٢٠١٠) یە، بە پلەی (یەکەم )ی لە سەر ئاستی بەشی زمانی کوردی و پلەی (سێیەم) لەسەر ئاستی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی بەدەستهێناوە بە نمرەی (٨١).**<br>• **لە ( دە یەکەمەکانی دەرچووی زانکۆیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە (زمانی کوردی) بۆ ساڵی (٢٠١٠) .**<br>• **ناوی لە ( تابلۆی شانازی) یەکەمەکانی زمانی کوردی تۆمارکراوە.**<br>• **لە ساڵی (٢٠١٠) وەك مامۆستا لە قوتابخانەی (ئاقوبانی خوارووـ پەرورەدەی شەقلاوە) لە وەزارەتی پەروەردە دامەزراوە.**<br>• **دواتر لە ساڵی (٢٠١١) ڕاژەی گواستراوەتەوە بۆ بەشی زمانی کوردی– کۆلیژ پەروەردەی بنەڕەتی– زانکۆی سەلاحەددین– وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوی زانستی و وەك (یاریدەدەری توێژەر/ معید) دەستبەکاربووە.**<br>• **لە ٢٠١٦/٦/٤ گفتوگۆی نامەکەی بەناونیشانی (شێوازی شیعری هاوچەرخی کوردی – کرمانجی ناوەڕاست– لە ساڵانی ١٩٨٠– ١٩٩١ دا) کراوە و بە پلەی (زۆرباش) وەرگیراوە و بڕوانامەی (ماستەر)ی لە ئەدەبی هاوچەرخی پێبەخشراوە.** |

| | |
|---|---|
| | • له ڕۆژنامه و گۆڤارەکان چەند وتارێکی له بواری ( کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، ئەدەبی) بڵاوکردۆتەوە .<br>• ئەندامە له چەندین کۆمەڵە و دەستەی ڕیکخراوەیی حکومی / ناحکومی.<br>• دووساڵ له مامۆستا بووە له بەشی زمانی کوردی – کۆلیژی پەرورەدەی بنەڕەتی– زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر<br>• له ٢٠٢٣/١٠/٤ گفتوگۆی تێزەکەی بەناونیشانی (شێوازی شیعری هاوچەرخی کوردی – کرمانجی ناوەڕاست– له ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣) کراوە و بە پلەی (**نایاب**) وەرگیراوە و بڕوانامەی (دکتۆرا)ی له ئەدەبی هاوچەرخ و شێوازناسی پێبەخشراوە.<br>• له ٢٠٢٣/١٠/٢٨، نازناوی زانستی (مامۆستای)ی پێبەخشراوە. |
| ٩- وشه سەرەکیەکان | ناساندنی شێواز<br>شێواز له ڕووی تیۆرییەوە<br>شیواز له پراکتیکییەوە |

**١٠- ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

شێوازناسی یەکێکە لەو وانانەی کە قوتبی قۆناغە سێیەم لەچوارچێوەی بابەتە ئەدەبییەکان دەیخوێنن، وانەیەکە باس لە شێوازی بەگشتی دەکات بە تایبەتیش جەخت لەسەر شێوازی ئەدەبی دەکاتەوە، له زانستی شێواز ڕەهەندەکانی پەیوەست بەشێواز پێك دێت.

**١١- ئامانجەکانی کۆرس**

* بۆ شارەزا کردنی قوتابی له بنەما گشتییەکانی شێوازناسی و ناساندنی وەك زانستێکی سەربەخۆ و لەهەمان کاتدا پەیوەستدار به لایەنەکانی تری ئەدەب و زمانەوە.

* تێگەیشتنی قوتابی له بوارە جیاجیاکانی ئەدەب، کە شێوازناسی وەکو چەترێك لەژێر سێبەری خۆیدا کۆیکردونەتەوە..

* بەخشینی بنەمای زانستی شێواز بە قوتابی بۆ مەبەستی ڕەخنەگرتن له دەق و لێکۆڵینەوە له دەقی ئەدەبی له چوارچێوەی بابەتەکانی شێوازدا.

**١٢- ئەرکەکانی قوتابی**

١. ئامادەبوونی له پۆلدا و پابەندبوونی بە ڕێنماییەکانی پۆل
٢. گوڕایەڵی مامۆستا له کاتی وانه وتنەوەدا.
٣. بەشداری کردن لەگەڵ مامۆستا لەکاتی وانەوتنەودا
٤. جێ بەجێ کردنی ئەرکی ڕۆژانە.
٥. نوسینی ڕاپۆرت و ئەنجامدانی چاڵاکی ڕاسپێردراو لەلایەن مامۆستاوە

**١٣- ڕێگەی وانە ووتنەوە**

- به مەبەستی وتنەوەی کورسبووکەکە چەندین ڕێگا و شێواز بە کاردەهێنم بو فێرکردنی قوتابی وەك:
  - ➢ ڕێگای وانەوتنەوە (**طريقة المحاظرة**).
  - ➢ ڕێگای گفتوگۆ (**طريقة المناقشة**).
  - ➢ ڕێگای پرسینەوە (**طريقة الاستجواب**).

  - ○ بۆ وتنەوەی بابەتەکە چەندین ئامرازی فێرکردن بە کار دەهێنرێن وەك:
  - ○ بەکارهینانی داتاشۆ بو نیشاندانی ئەو پاورپۆینتانەی تایبەتن  بە بابەتی کورس بوکەکە.
  - ○ بەکارهینانی وایت بورد – تەختە بۆ نوسینی خاڵە گرنگەکان.
  - ○ بەکارهێنانی چەندین باس و توێژینەوە لە ئاستە جۆراوجۆرەکان و شلۆڤەکردنییان لە لایەنی بابەتیی و هونەری .

**١٤- سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**هەڵسەنگاندنی قوتابییان بە مەبەستی زانینی ئاستی فێربوونییانە، ئەمەش لە ریگای تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و مانگانە و تاقیکردنەوەی کۆرسات.**

**بەگشتی بۆ کۆرسەکە، نمرەکان لەسەر (١٠٠)،  ئەویش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:**

- ➢ **لە کۆتایی هەفتەی شەشەم تاقیکردنەوە دەکرێت/ تاقیکردنەوەی سەرەتایی =(٤٠) نمرە لە کۆی گشتی .**
- ➢ **تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرسی خوێندن =( (٦٠٪) نمرە.**

**١٥- دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

**شێوازناسی  بابەتێکی پێویستە بۆ بەشە جۆربەجۆرەکان تا قوتابییەکان لەنزیکەوە ئاشنایەتیەکی زانستی لەگەڵ زانستیزمان و مێژووی  ئەدەبی و ژانرە ئەدەبییەکان پەیدا بکەن. چونکە قوتابی لەڕێگەی ئەم بابەتەوە دەتوانێت بەشێوەیەکی زانستییانە و ئەکادیمییانە ئاگاداری دەقی ئەدەبی و گۆرانکارییەکانی سەردەق و تایبەتمەندییەکانی هەر قوناغێکی ئەدەبی بێت، ئەمەش دەبێتە پشتیوانییەکی زانستی بۆ هەڵسان بە ئەکی خۆی لە داهاتوودا و قوتابی لەسەر رەخنەی زانستی ڕادینی و ئاسۆی دنیا بینی فراوان دەکات لە بواری خۆیدا.**

**بۆ پێگەیاندنی ئەکادیمیانەی قوتابی لە بەشەکاندا. ئامانج لەم زانەیە بۆ شارەزا کردنی قوتابی لە بنەما گشتییەکانی بنەماکانی شێواز و  ناساندنی وەك لایەنێکی سەربەخۆ و لەهەمان کاتداپەیوەستدار بە ڕوخسار و ناوەرکی دەقی ئەدەبی. تێگەیشتنی قوتابی لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەب و گۆڕانکاری و بەرهەمە ئەدبییە نوێیەکان ئاراستەکردنی قوتابی بەشێوەیەك کە زیاتر و چاکتر ئاگادار بێت لەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی کە وەکو ئەرشیفێك رابردووی نەتەوەکەمان پێکدەهێنن و دەبنە هەوێنی پێشکەوتن و تازەگەری لە ئەدەبدا.**

## ١٦- لیستی سەرچاوە .


١. ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چ. ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢. ئەحمەد، صافیە محەمەد (٢٠١٣)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چ. ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣. ئیبراهیم،محەمەد عەبدولکەریم (٢٠١٢)،پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی نوێوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٤. بارت، ڕۆلان (٢٠٠٧)، چێژی دەق، و: ئیسماعیل زارعی، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٥. بوحسون، حسین (٢٠٠٤)، شێوازگەری و دەقی ئەدەبی، و. هیمداد حوسێن، گۆڤاری کاروان، ژمارە:١٨٦، هەولێر.

٦. بودوخە، د. مسعود (٢٠٢١)، شێوازناسی و تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعرییەت، و. صافیە محەمەد ئەحمەد، چ١، بێ شوێنی چاپ.

٧. تالیس، (ئەرستۆ ٢٠٠٥)، هونەری شیعری، و: د. حەمید عەزیز، چ١، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

٨. جان کۆهێن، (٢٠٠٨)، بنیاتی زمانی شیعری، و: د. ئازاد عەبدولواحید کەریم + عەلی بەرزنجی، چ.١،چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک.

٩. حەوێزی، دەریا جەمال (٢٠١٢)، جیهانبینی لە شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست)،چ. ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

١٠. حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨)، ئستاتیکای دەقی شیعری کوردی □ کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، چ.١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

١١. خضر، کامران ابابکر (٢٠١٦)، شێوازی شیعری هاوچەرخی کوردی لە باشوری کوردستان- کرمانجی ناوەڕاست (لە سالآنی ١٩٨٠-١٩٩١)دا، ماستەرنامە، فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.

١٢. خضر، کامران ابابکر (٢٠٢٣)، شێوازی شیعری هاوچەرخی کوردی لە باشوری کوردستان- کرمانجی ناوەڕاست (لە سالآنی ١٩٩١-٢٠٠٣)دا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

١٣. خەلیل، د. ابراهیم محمود (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ-لە لاسایکرنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، و: پ.ی.د. محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٤. خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠٠٩)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چ. ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر .

١٥. دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٢)، شێواز و پراگماتیك، چ.١، چاپخانەی الروچە، ئیستەنبۆڵ.

١٦. سارتەر، جان پۆل (٢٠٢٠)، ئەدەب چییە ؟، و. مستەفا غەفوور، چ٢، چاپخانەی تاران، لە بڵاوکراوەکانی خانەی کەلتوور، سلێمانی.

١٧. ساڵح سەلیم ڕەشید، (٢٠١٩)، لێکۆڵینەوەکانم لەبارەی شێواز، چ.١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر.

١٨. ساڵح، سەلیم ڕەشید (٢٠١٢)، شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا، چ.١، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.

١٩. سەفەوی، کورش لە زمانەوانیەوە بۆ ئەدەبیات، و. د. عوسمان دەشتی، بەرگی یەکەم-هۆنراو، چ ١، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.

٢٠. شارەزووری، د. یادگار لەتیف (٢٠١٢)، تیۆرەکانی وەرگرتن لە ئیستاتیکای وەرگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنەوەلآمی خوێنەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

٢١. گەردی، عەزیز ( ١٩٧٩)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتاناسی)، بەرگی سێیەم، چ١، چاپخانەی کاکەی فەلاح،

٢٢. فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆ. ئا: شێروان حسێن خۆشناو + شێروان پیرداود

٢٣. کاکی، حەمە نوری عومەر ( ٢٠٠٨)، شێواز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چ. ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

٢٤. کاکی، حەمەنووری عومەر (٢٠١٢)، شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست(١٩٢٠-١٩٧٠)، چ. ١،

٢٥. مەحموود، ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢٦. محەمەد، فواد ڕەشید، (٢٠٠٥)، ناسنامەی دەق، چ.١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،،هەولێر.
٢٧. محەمەد، د. فواد ڕەشید (٢٠٠٧)، دەقی ئەدەبی (ئەدگار، چێژ، بەها)، چ.١،چاپخانە و بلاَکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٢٨. مرعی، فواد (٢٠٠١)، شێوازگەری دیالۆگ و پراکتیك، و: د. فواد ڕەشید محەمەد، گ. کاروان، ژ. ١٦١، هەولێر.
٢٩. مستەفا، نەزیرە سابیر (٢٠٢١)، پراگماتیك و شێوازگەری، چ١،، ناوەندی چاپ و بڵاوکراوەی ئاوێر، هەولێر.
٣٠. مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا( ٢٠١٢)، شێواز و شێوازگەری، چ.١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٣١. نهێلی، نیحمەتوڵلا حامد( ٢٠٠٧)، شێوازگەری، چ. ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .
٣٢. هۆراس، (٢٠٠٥)، هونەری شیعری، و: د. حەمید عەزیز، چ١، بڵاوکراوەی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر.

## ١. ١٧. بابەتەکانی کۆرس:

| هەفتەی وانەکان | لیستی پرۆگرام |
|---|---|
| یەکەم | ▪ **بۆ یەکتر ناسین و زانیاری لەسەر شێوازی وانە وتنەوەکە:**<br>▪ چەمکی زاراوەی شێواز و شێوازگەری و جۆرەکانی شێوازی دەق و ئەدگارەکانی: |
| دووەم | ▪ **پێناسە و شێواز و شێوازگەری:**<br>١. شێواز لەگۆشەی (نووسەر)<br>٢. شێواز لە گۆشەی (دەق):<br>٣. شێواز لە گۆشەی (خوێنەر): |
| سێیەم | ▪ **مێژووی سەرهەڵدانی شێواز :**<br>▪ **پەیوەندی شێواز بە زانستەکانی تر:**<br>▪ (زمانناسی/ رەخنە/ رەوانبێژی ....) |
| چوارەم | • شێواز و ئیستاتیکای وەرگرتن:<br>• شێواز و شیعرییەت: |
| پێنجەم | ✓ **تایبەتمەندییەکانی شێوازی ئەدەبی:**<br>✓ **ئەرك و مەبەستی شێواز** |

| | |
|---|---|
| شەشەم | ▪ **ڕەهەندە سەرەکییەکانی شێواز**<br>▪ **بینینی تایبەت**<br>▪ **هەڵبژاردن**<br>▪ **لادان لە باو** |
| حەوتەم | **ئـــاراستە شێوازییەکان:**<br>یەکەم: شــێوازگەری دەربڕیـن:<br>دووەم: شێوازگەری کەســـی<br>سێیەم: شێوازگەری ئاماری:<br>چوارەم : شێــوازگەری ئەرکــی |
| **هەشتەم** | **تاقیکردنەوە ٤٠٪** |
| **نۆیەم** | ➢ **ئەو هۆکارانەی کاریگەری لە شێواز دەکەن:**<br>➢ **دیاردە شێوازییەکان:**<br>➢ **زمـــان و ناسنامەی دەق:** |
| **دەیەم** | ✓ **پۆلینکردنی حەوت لایەنەی شێواز:**<br>✓ **جۆرەکانی شێواز**<br>١. **شێوازی تاکەکەسی**<br>٢. **شێوازی سەردەم**<br>٣.**شێوازی نەتەوەیی** |
| **یازدەم** | **نموونەی پراکتیکی لە دەقەکانی (کۆن و نوێ و هاوچەرخ)..** |
| **دوازدەم** | **نموونەی پراکتیکی لە دەقەکانی (کۆن و نوێ و هاوچەرخ)..** |

**تێبینی// ئەو پەڕاوەی لەبەر دەستتانە، بەشێکی کەمە لەو بابەتانەی لەم کۆرسبووکە باسیان لێوەدەکرێت، بۆیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی لە پێشووتر ئاماژەمان پێداون.**